# فیقهی ئاسان: پەرتوکی تاوانەکان: بەشی کوشتنی لێکچووی عەمد و کوشتنی بە هەڵە

الفقه الميسر: كتاب الجنايات: القسم الثاني: قتل شبه العمد وقتل الخطأ

< كوردی - كردي - kurdish >

دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# کوشتنی لێکچووی عەمد و کوشتنی بە هەڵە

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی کوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

## کوشتنی لێکچووی عەمد : -

هەقیقەتی کوشتنی لێکچووی عەمد ئەوەیە : کەسێك دەست درێژی بکاتە سەر کەسێکی تر بە ئالەتێکی وا کە غالبەن مرۆڤی پێ ناکوژرێت، بەڵام ئەو کەسەی کە دەست درێژی کراوەتە سەر بەو هۆیەوە دەمرێت، وە ئەم جۆرە پێیشی دەوترێت( هەڵەی عەمد )، ئەم جۆرە کوشتنە لەو ڕووەوە لە کوشتنی عەمد دەکات چونکە کەسی تاوانبار نیەتی لێدانی تاوانلێکراوی هەبووە، وە لەو ڕوەشەوە لە هەڵە دەکات چونکە تاونبارەکە نیەتی کوشتنی ئەو کەسەی نەبووە، هەر بۆیە حوکمەکەی لە نێوان حوکمی کوشتنی بە هەڵە وکوشتنی عەمد دا وەستاوە، وە هیچ جیاوازی نیە ئەگەر هاتوو ئەو کەسە بەنیەتی دەستدرێژی کردن ئەو کوشتنەی ئەنجام دابێت، یان بەنیەتی تەئدیب کردنی .

## شێوەکانی کوشتنی لێکچووی عەمد ونمونەکانی :

1-ئەگەر هاتوو بە قامچیەك یان بە بەردێکی بچووك یان بە دار وگۆچانیکی بچووك بدات لە جێگا وئەندامێکی کوژراوەکە کەشوێنی ئەوە نەبێت مرۆڤی پێ بمرێت، یان زلە یان بۆکسێك بدات لە شوێنێکی کوژراوەکە ئەو جێگایە جێگای ئەوە نەبێت مرۆڤی پێ بمرێت، بەڵام لە ئەنجامدا مرد و گیانی لەدەستدا .

2-بە گوریسێك یان بە حەبلێك بیبەستێتەوە لەکەناری ئاوێکدا فرێی بدات، جا پێدەچێت ئەو ئاوە زیاد بکات یان نا، بەڵام ئاوەکە زیادی کرد وکابرای داپۆشی و

خنكاندی، یان فڕێی بداتە ناو ئاوێكی كەمەوە بە شێوەیەك ئەو ئاوە كەمە كەسی دانەدەپۆشی، بەڵام ئەو كەسەی داپۆشی و خنكاندنی .

3-هاوار و قیژەیەك بكات بەسەر كەسێكی ژیر و عاقڵ لەكاتی غەفڵەت وبێ ئاگاییدا و بەو قیژە و هاوارە كابرا مرد، یان لە قەراخ سەربانێكدا هاوار و قیژەیەك بكات بەسەر منالێك یان شێتێك و كەوتە خوارەوە مرد، هەموو ئەم نمونانە و هاوشێوەكانیان بە كوشتنی لێكچووی عەمد هەژمار دەكرێت .

### حوكمی كوشتنی لێكچووی عەمد :

كوشتنی لێكچووی عەمد دوو حوكمی هەیە : -

1-حوكمێك لە دوارۆژدا، ئەویش بریتیە لە مەحروم بوون لە ڕەحمی خوا و گوناهباری وسزای ئاگری دۆزەخ، چونكە ئەم بەكرداری نابەجێی بووەتە هۆكاری ئەوەی كە كەسێكی بێ تاوان خوێنی بڕێژرێت وبمرێت، بەڵام هێندە هەیە دەبێت بزانین سزای كوشتنی لێكچووی عەمد لە سزای كوشتنی عەمد و بەئەنقەصد سووكترە .

2-حوكمێكی لەدونیادا : ئەویش ئەوەیە دەبێت خوێنێكی قورس ( الدیة المغلظة ) بدات بەكەسوكاری كوژراوەكە، بەڵام تۆڵەی ئەو كوشتنەی بە كوشتن لێناكرێتەوە هەرچەند كەسوكاری كوژراوەكەش داوای كوشتنەوەی بكەن، هەروەها كەفارتیش لەماڵی تاوانبارەكە دەبێت دەربكرێت كە بریتیە لە ئازادكردنی كۆیلەیەك، ئەگەر نەیتوانی ئەوە جێ بەجێ بكات ئەوە دەبێت دوو مانگی ڕەبەق لەسەر یەك بەرۆژوو بێت، ئەو پارە و ( دیة ) ش كە دەدرێت بە كەسوكاری كوژراوەكە، دەبێت خزم وكەسوكاری بكوژەكە لە ماوەی سێ ساڵدا تەسلیمیان بكەن، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە عەبدوڵای كوڕی عەمر ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە و دەڵێت

پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : { عقل شبه العمد مغلظ مثل عقل العمد، ولا يقتل صاحبه }[1] .

واتا : خوێنی کوشتنی لێکچووی عەمد خوێنێکی قورسە وەك کوشتنی عەمد وئەنقەصد، بەڵام بکوژەکە ناکوژرێتەوە .

وە موغەیریە کوڕی شوعەبەیش ( خوای لێ ڕازی بێت ) ئەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) فەرموویەتی : { ضربت امرأة ضرة لها بعمود فسطاط، وهي حبلى فقتلتها، فجعل رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) ديـة المقتولة على عصبة القاتلة }[2] .

واتا : ئافرەتێك یەکێك لە هەویەکانی خۆی بە ئەستونی خێمەیەك کوشت، کە دوو گیانیش بوو، پێغەمبەری خوایش ( صلی اللە علیە وسلم ) خوێنی کوژراوەکەی خستە ئەستۆی کەسوکاری ئەو ئافرەتە بکوژەوە .

## بەشی سێهەم : کوشتنی بە هەڵە :

هەقیقەتەکەی ئەوەیە : کەسێك بە بێ ئەوەی نیەت ومەبەستی کوشتنی هەبێت کەسێکی تر بکوژێت .

## جۆرەکانی کوشتنی بە هەڵە : -

1-هەڵە لە ئیشەکەیدا : ئەویش بەوە دەبێت ئەو کەسە کارێك بکات کە ئەو کارە ڕێگا پێدراو موباح بێت، بەڵام لە ئەنجامدا بەبێ ئەوەی مەبەستیشی هەبێت بەو کارەی کەسێکی کوشت، وەك ئەوەی لەکاتی ڕاودا مەبەستی ئەوەی هەبێت تیرێك یان فیشەکێك بگرێتە نێچیرێك بەڵام تیرەکەی یان فیشەکەکەی بەر کەسێك کەوتو کوشتی، یان لەکاتی خەودا تەپاوەتل بکات و بکەوێت بەسەر کەسێکی تردا و بەهۆیەوە کەسەکەی کوشت .

(1) أبو داود بە فەرموودەی ژمارە (4565) وأحمد لە مەسنەددا (183/2) ڕیوایەتیان کردووە، وە شێخ ئەرنائوطیش لە حاشیەی مەسنەددا بە فەرموودەیەکی حەسەنی داناوە، بڕوانە المسند (328/11) .

(2) موسلیم بە فەرموودەی ژمارەی (1682) ڕیوایەتی کردووە .

2-هەڵە لە نیەتیدا : وەك ئەوەی وا گومان ببات ئەوەی کە تیرەکەی تێدەگرێت شتێکە کە دروستە تیری بۆ بهاوێژێت بەڵام دوای دەرکەوت ئەو شتەی گومانی پێ بردبوو مرۆڤێك دەرچوو نەك نێچیرەکەی .

3-ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی کە بە عەمد وئەنقەصد کەسێکی تر ئەکوژێت منداڵێك یان شێتێك بوو، چونکە عەمد وئەنقەصدی منداڵ و شێت مامەڵەی کوشتنی بە هەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە ئەو دوو کەسە نیەت ومەبەستیان نیە، واتا : نیەتی ومەبەستی دەستدرێژی وگیان دەرچوونی کەسی بەرامبەریان نیە .

تێبینی : کوشتنی بەهۆکاریش مامەڵەی کوشتنی بە هەڵەی لەگەڵ دەکرێت : وەك ئەوەی کەسێك بیرێك یان چاڵێك لە سەر یەکێك لە ڕێگاکانی هاتوچۆی خەڵکی هەڵکەنێت، و کەسیکی تێبکەوێت وبمرێت .

### حوکمی کوشتنی بە هەڵە :

ئەم کوشتنە دوو حوکمی هەیە : -

1-حوکمێك لە دوارۆژدا : ئەوەیە هیچ تاوان و کوناهو وسزایەکی بۆ هەژمار ناکرێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە عەبدوڵای کوڕی عەباس ( خوایان لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە ودەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { إن الله تجاوز عن أمتي الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه }[(1)] .

واتا : خوای گەورە گوناهی بە هەڵە ولەبیرچوون وزۆر لێکردنی لەسەر ئومەتی ئیسلام هەڵگرتووە .

2-حوکمێك لە دونیادا : واجبە خوێنی کوژراوەکە بدرێت، ئەویش دەبێت کەسوکاری بکوژەکە لەماوەی سێ ساڵدا لەماڵی خۆیان خوێنی کوژراوەکە کە خوێنێکی سوك کراوە بدەن بە کەسوکارەکەی، کە پێنج جۆر لە ووشتر لەخۆی دەگرێت، وەك خوای گەورە

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارەی (1682) ڕیوایەتی کردووە .

فەرموویەتی : ﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَـًٔا وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَـًٔا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَصَّدَّقُوا۟ ﴾ [ سورەتی النساء : ٩٢ ].

واتا : هیچ موسڵمانێك مافی نیه موسڵمانێکی تر بکوژێت، بێ ئەوەی هەقی کوشتنی لەسەر هەبێت، مەگەر بە نەزانین و هەڵە بیکوژێت، ئەویش وەك ئەوەی گوللەیەکی لەدەست دەربچێت و بەبێ ئەنقەست موسڵمانێك بکوژێت.. یان وەك ئەوەی کەسێك تەقە لە کەسێك بکات کە لە ڕووی شەرعی یەوە کوشتنی حەڵاڵ بێت، کەچی گوللەکە بەر موسڵمانێك بکەوێت و بیکوژێت.. جا هەر کەسێك موسڵمانێك بە هەڵە بکوژێت، هەرچەندە ناکوژرێتەوە، بەڵام دەبێت کۆیلەیەکی باوەڕداری موسڵمان لە ژیانی کۆیلەیەتی ئازاد بکات، هەروەها خوێنی کوژراوەکەیش بدات بە کەسوکاری کوژراوەکە، مەگەر خاوەن خوێنەکە خۆی لە خوێنی کوژراوەکەی خۆش ببێت .

هەروەها ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە و دەڵێت : " **قضى رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) في جنين امرأة من بني لحيان سقط ميتا بغرة، عبد أو أمة، ثم إن المرأة التي قضى عليها بالغرة توفيت، فقضى رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) أن ميراثها لزوجها وبنيها، وأن العقل على عصبتها** " (1) .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) قەزاوەتی کرد لەسەر کۆرپەلەی ئەو ئافرەتەی بەنی لەحیان کە بە مردوویی لەدایك بوو کە لەبریتی خوینەکەیدا بەندەیەك یان کەنیزەیێك بدەن بەدایکەکەی، پاشان دایکەکەش کە بەندەکەیان بۆ بڕیاردابوو وەفاتی کرد ومرد، پاشان پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بڕیاریدا کە میراتی ئەو ئافرەتە بۆ مێردەکەی و مناڵەکانی بێت، وە ئەو خوێنەیش کەوتبوە سەری خستیە سەر کەسوکارەکەی .

(1) بوخاري بە فەرموودەی ژمارە (6740) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارەی (1681) ڕیوایەتیان کردووە .

واجبە لەسەر ئەو کەسەی کە کەسێك بەهەڵە دەکوژێت لەگەڵ ئەوەی خوێنی کوژراوەکەش دەبێت بدات لەهەمان کاتدا دەبێت کەفارەتەکەشی بدات، بەم شێوەیەی خوارەوە : -

1-ئازاد کردنی کۆیلەیەکی باوەڕدار، ئەگەر هاتوو توانای ئازاد کردنی هەبوو، وە بەمەرجیش گیراوە، ئەو کۆیلەیە دەبێت کۆیلەیەکی باوەڕداری موسڵمانی ساغ وسەلیم بێت، کەهیچ عەیبێکی نەبێت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَأً وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ ﴾ [ سورەتی النساء : ٩٢ ].

واتا : هیچ موسڵمانێك مافی نیە موسڵمانێکی تر بکوژێت، بێ ئەوەی هەقی کوشتنی لەسەر هەبێت، مەگەر بە نەزانین و هەڵە بیکوژێت، ئەویش وەك ئەوەی گوللەیەکی لەدەست دەربچێت و بەبێ ئەنقەست موسڵمانێك بکوژێت.. یان وەك ئەوەی کەسێك تەقە لە کەسێك بکات کە لە ڕووی شەرعی یەوە کوشتنی حەڵاڵ بێت، کەچی گوللەکە بەر موسڵمانێك بکەوێت و بیکوژێت.. جا هەر کەسێك موسڵمانێك بە هەڵە بکوژێت، هەرچەندە ناکوژرێتەوە، بەڵام دەبێت کۆیلەیەکی باوەڕداری موسڵمان لە ژیانی کۆیلەیەتی ئازاد بکات .

خۆ ئەگەر هاتوو نەیتوانی لەبەر نەبوونی وهەژاری یان لەبەر نەبوونی کۆیلە، کۆیلەیەك ئازاد بکات، ئەوا هەڵبژاردەی دووەمی لەبەردەستدایە کە بریتیە لەم خاڵەی خوارەوە :

2-دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو بێت بەبێ ئەوەی نێوانیکەوێت، ئەگەر هاتوو توانی بیگرێت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِّنَ ٱللَّهِ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴾ [ سورەتی النساء : ٩٢ ].

واتا : ئەگەر کەسەکەیش توانای ئازادکردنی کۆیلەیەکی نەبوو، جا لەبەر هەژاری و نەداریی خۆی بێت، یاخود لەبەر نەبوونی کۆیلە، لەم حاڵەتەدا پێویستە دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو بێت، بەڵام دەبێت ئەو دوو مانگە تەنها ڕۆژێك پچڕانی تێ

نەکەویت.. ئەوەیە ڕێگای تەوبەکردن کە خودا دایناوە، خوداش زۆر ئاگاو زانایە بە هەموو شتەکان و خاوەنی حیکمەتە لەهەر شتێکدا کە بڕیاری دەدات .

ئەگەر هاتوو لەبەر نەخۆشی یان لەبەر پیری نەیتوانی ڕۆژووەکەش بگرێت، ئەوا ئەو کەفارەتە لە ئەتسۆیدا دەمێنێتەوە، وەدروست نیە خواردن بدات لەبریتیدا، چونکە خوای گەورە لێرەدا باسی خواردنی نەکردووە بدرێت بە هەژاران، دیارە بریتی دانیش لە کەفارەتدا وەستاوەتە سەر بوونی دەقێك لە قورئان وسوننەت نەك قیاس بکرێتە سەر کەفارەتی ( ظهار ) و چوونە لای خێزان لە مانگی ڕەمەزاندا .

**بابەتی چوارەم : دەستدرێژ کردنە سەر غەیری ڕۆح وگیان :-**

ئەمەش بریتیە لە هەر ئەزیەت وئازاردانی کەسێك بەمەرجێك نەگاتە ئاستی ئەوەی گیانی دەرچێت وبمرێت، لە برین وزام وبڕینی ئەندامی لاشە وکوێرکردن وهاوشێوەکانیان، ئەگەر هاتوو بەم شێوەیە بوو، ئەوا ( قصاص ) وتۆڵە سەندنەوە واجبە ئـەویش لەبەر ئەوەی لە قورئان وسوننەت وکۆدەنگی زانیاندا ثابت وجێگیر بووە .

لە قورئاندا خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ وَالْعَيْنَ بِالْعَيْنِ وَالْأَنْفَ بِالْأَنْفِ وَالْأُذُنَ بِالْأُذُنِ وَالسِّنَّ بِالسِّنِّ وَالْجُرُوحَ قِصَاصٌ ﴾ [ المائدة: ٤٥ ] .

واتا : لە تەوراتدا بڕیارماندا لەسەر جولەکەکان کە تۆڵەی کوشتنی بەناهەق، کوشتنەوەیە، هی چاو هەڵکۆڵین، چاو هەڵکۆڵینە، هەروەها تۆڵەی لووت بڕین و گوێ بڕین، لووت بڕین و گوێ بڕینەو، هی ددان هەڵکێشان، هەڵکێشانی ددانە، هەروەها تۆڵەی برینداركردنی لاشە، برینداركردنەوەی هەمان شوێنە وەك خۆی .

لە سوننەتیشدا هاتووە : فقوله ( صلى الله عليه وسلم ) في قصة كسر الربيع ثنية جارية، " كتاب الله القصاص " [1] .

(1) بوخاري بە فەرموودەی ژمارە (6894) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارەی (1675) ڕیوایەتیان کردووە .

واتا : لەو چیرۆکەی کە ڕەبیع دانەکانی پێشەوەی کەنیزەکەی شکاند، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی : قورئانی پیرۆز بڕیاری ( قصاص ) تۆڵە سەندنەوەی داوە .

وە زانایانی ئیسلامیش کۆدەنگن لەسەر ئەوەی هەر کەسێك تاوان ودەست درێژی بکاتە سەر هەر کەسێك و برینێکی لێ بهێنێت، یان ئەندامێکی لاشەی بقرتێنێت، یان هەر جۆرە برین و شتێکی تری لەو شێوەیە ئەوا دەبێت تا دەتوانرێت ( قصاص ) وتۆڵە لە تاوانبار بکرێتەوە .

**ئەم جۆرە تاوان و دەست درێژیانەش سێ جۆرن : -**

1-دەست درێژی وتاوان بە بریندار کردن .

2-بڕینی ئەندامێکی لاشە .

3-بەتاڵ کردنەوە و لەکار خستنی سوود وقازانجی ئەندامێکی لاشە .

**جۆری یەکەم : دەست درێژی وتاوان بە بریندار کردن .**

ئەم دەست درێژی وتاوانەش دوو بەشن : -

أ-ئەو برین وزامانەی کە دەکەونە ڕومەت وسەری مرۆڤ، کە پێیان دەوترێت ( الشجاج )

ب- ئەو برین وزامانەی کە دەکەونە تەواوی لاشەی مرۆڤ، و پێیان دەوترێت ( جرح ) .

بەشی یەکەم : ئەو برین وزامانەی کە دەکەونە ڕومەت وسەری مرۆڤ، ئەوانیش دە جۆرن :

1-الحارصة : بەو برینە دەوترێت کە کەمێك پێست شەق دەکات، بەڵام خوێناوی ناکات، وەك ڕووشاندن، وە پێیشی دەوترێت ( القاشرة والمليطاء ) کە هەر مەبەست پێی شەقکردن و ڕووشاندنە .

2-الدامية : بەو برینە دەوترێت کە لە ئەنجامی بڕینی لاشە پێستەکەی خوێناوی دەبێت، و کەمێك خوێنی لێدێت، وە پێیشی دەوترێت ( البازلة والدامعة ) واتا : کەمێك

بە ئەندازەی فرمێسك خوێنی لێدێت، ئەویش بۆیە بەو ناوە ناونراوە وەك لێكچوونێك لەگەڵ فرمێسك .

3-الباضعة : بەو برینە دەوترێت كە پاش ئەوەی پێستەكەی بریندار كرد كەمێكیش لە گۆشتەكە دەبڕێت، بەڵام ناگاتە سەر ئێسك .

4-المتلاحمة : بەو برینە دەوترێت كە باش دەچێتە نێو گۆشتەكەوە، بەڵام ناگاتە ئاستی ئەو پێستەی كە لەنێوان گۆشت وئێسكدایە .

5-السمحاق : بەو برینە دەوترێت كە دەگاتە ئەو پێستە ناسكەی كە دەكەوێت نێوان گۆشت و ئێسكی سەر، برینیش هەر بەم ناوەوە ناونراوە .

ئەم پێنج جۆرەی كە باسمانكردن ( تۆڵە سەندنەوە ) و ( دیة = خوێنێكی دیاری كراوی ) تێدا دیار نەكراوە، بەڵكو ( حكومة ) واجب دەبیتو مەبەست لە ( حكومة ) یش ئەوەیە ئەو كەسەی كە دەستدرێژی كراوەتە سەر وەك ئەوەی كۆیلە بێت بە پارە نرخەكەی دەخەمڵێنرێت پێش ئەوەی كە دەستدرێژی بكرێتە سەر و پاش ئەوەش كە دەستدرێژی بكرێتە سەر، جا ئەو كۆیلەیە بەو ئەندازەیەی كە نرخەكەی كەم دەكات لە بازاڕدا جیاوازی نێوان هەردوو نرخەكە دەدرێت بەو كەسەی كە تاوان ودەسدرێژیەكەی بەرامبەر كراوە .

6-الموضحة : بەو برینە دەوترێت كە ئەو پیستە ناسكەی دەكەوێتە نێوان گۆشت و ئیسكەوە ئەویش دەبڕێت وتا دەگاتە سەر ئێسكەكە و بەدەری دەخات، ( دیة ) ی ئەم جۆرە برینانە پینج ووشترە، كە دەكاتە نیوەی دە بەشی خوێنی مرۆڤێك .

7-الهاشمة : بەو برینە دەوترێت كە ئێسك بەدەردەخات و دەیشكێنێت، ئەمیش خوێنەكەی دە ووشترە .

8-المنقلة : بەو برینە دەوترێت كە ئێسكی شكاند بێت و لەجێگای خۆی هەڵی كەندبێت وبردبێتی بۆ جێگایەكی تر، جا هیچ جیاوازی نیە ئەگەر ئێسكەكەی بەدەر خستبێت وڕوشاندبێتی یان نا، خوێنی ئەم جۆرە برینەش پازدە ووشترە .

9-المأمومة : بەو برینە دەوترێت کە گەیشتبیتە ئاستی دەماغ، گەشتبێتە ئەو پێستەی کە دەوری دەماغی داوە، خوێنی ئەمەش سێ یەکی خوێنی مرۆڤێکە .

10-الدامغة : بەو برینە دەوترێت کە پیستی دەوری دەماغی بڕیبێت وگەیشتبێت پێی، ئەمیش بەهەمان شێوە سێ یەکی خوێنی مرۆڤێکە .

جۆرێکی تریش زیاد دەکەین کە پێی دەڵێن : الجائفة : کە بەو برینە دەوترێت دەگاتە ناوسکی مرۆڤ ولەگەڵ ئەوەشدا کە تەماشای دەکەیت دیاری نیە، وەك ئەو برینەی دەگاتە ناو وورگ یان ناو پشت وسنگ وگەروو و میزەڵدان، ئەم جۆرە برینە برینی ڕوومەت وسەر نین، بەڵکو لە ڕیزی ئەو برینانەدا باسکراون تەنها لەبەر ئەوەی لەڕووی خەملاندنەوە بۆ خوێنەکەی وەك ئەم دوو برینەی دواتر وان ئەمیش سێ یەکی خوێنێك واجب دەکات لەسەر کەسی دەستدرێژیکار .

**بەڵگەی ئەم برینانەیش کە باسکران : -**

1-ئەو فەرموودەیەی ئەبو بەکری کوڕی موحەمەدی کوڕی عەمری کوڕی حەزمە کە لەباوکیەوە ئەویش لە باپیریەوە ( خوای لێ ڕازی بێت ) گێراویەتیەوە کە : " أن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) كتب إلى أهل اليمن كتابا، وذكر فيه : أن في المأمومة ثلث الدية، وفي المنقلة خمس عشرة من الإبل .... وفي الموضحة خمس من الإبل " (1) .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) نامەیەکی نووسی بۆ خەڵکی یەمەن و تێیدا هاتبوو : لەو برینەی کە گەیشتبێتە ئاستی دەماغ، گەشتبێتە ئەو پێستەی کە دەوری دەماغی داوە، خوێنەکەی سێ یەکی خوێنی مرۆڤێکە، وە لەو برینەی ئێسکی شکاند بێت و لەجێگای خۆی هەڵی کەندبێت وبردبێتی بۆ جێگایەکی تر پازدە ووشتر خوێنەکەیەتی ..... وە لەو برینەیش کە ئەو پێستە ناسکەی دەکەوێتە نێوان گۆشت

(1) نەسائی تەخریجی کردووە (252/2)، وە حاکمیش ڕیوایەتی کردووە (397/1)، وە بەیهەقیش بەهەمان شێوە (73/8)، وە فەرموودەیەکی صەحیحە، بڕوانە : إرواء الغليل ی شێخ ناصر الدين ئەلبانی (326/7) .

وئێسكەوە دەیبڕێت وتا دەگاتە سەر ئێسكەكە و بەدەری دەخات، ( دیة ) ی ئەم جۆرە برینەش پێنج ووشترە .

2-كۆدەنگی زانایان لەسەر ئەوەی خوێنی ئەو برینەی كە پێی دەوترێت ( المنقلة، واتا : برینێك ئێسكی شكاند بێت و لەجێگای خۆی هەڵی كەندبێت وبردبێتی بۆ جێگایەكی تر، خوێنەكەی پازدە ووشترە ) .

3-هاوڕایی زانایان لەسەر ئەوەی برینی ( الجائفة، واتا : ئەو برینەی دەگاتە ناوسكی مرۆڤ ولەگەڵ ئەوەشدا كە تەماشای دەكەیت دیاری نیە، وەك ئەو برینەی دەگاتە ناو وورگ یان ناو پشت وسنگ وگەروو و میزەڵدان، خوێنەكەی سێ یەكی خوێنی مرۆڤێكە، ئەویش بەو بەڵگەیەی كە لە درێژەی فەرموودەكەی عەمری كوڕی حەزمدا هاتووە : " وفي الجائفة ثلث الدية " واتا : لەبرینانەی دەگەنە ناو سك و پشت وسنگ وگەروو و میزەڵدان و هاوشێوەكانیانەوە سێ یەكی خوێنی مرۆڤێكە .

4- أثر زيد بن ثابت ( رضي الله عنه ) : " أنه قضى في الهاشمة عشر من الإبل " (1) ولم يعرف له مخالف .

واتا : زەیدی كوڕی ثابت ( خوای لێ ڕازی بێت ) قەزاوەتی كرد لە برینی ( هاشمة ) دا ئەو برینەی كە ئێسك بەدەردەخات و دەیشكێنێت، بە دە ووشتر بۆ ئەو كەسەی كە بریندراین كردبوو، وە هیچ كەسێك موخالەفەی ئەم ڕایەی نەكردووە .

5-لما جاء فى كتاب عمرو بن حزم السابق أن في المأمومة ثلث الدية، والدامغة أبلغ منها، فهي أولى منها بأن تكون فيها ثلث الدية .

واتا : لەو فەرموودەیەی كە عەمری كوڕی حەزم پێشتر باسمانكرد، هاتبوو كە برینی ( المأمومة : واتا : ئەو برینەی كە گەیشتبیتە ئاستی دەماغ، گەشتبێتە ئەو پێستەی كە دەوری دەماغی داوە، خوێنەكەی سێ یەكی خوێنی مرۆڤێكە ) دەی برینی ( الدامغة ) یش كە پیستی دەوری دەماغی بڕیبێت وگەیشتبێت بە دەماغ لە برینی ( المأمومة )

(1) عبد الرزاق لە موصەنەفەكەیدا تەخریجی كردووە (314/9)، وە هەروەها بەیهەقیش لە سونەنەكەیدا (72/8) .

بەسۆتر وزیاترە، دەی کەوابێت ئەم برینە لە پێشترە کە سێ یەکی خوێنی مرۆڤێکی بۆ دیاری بکرێت .

تەواوی ئەم برینانەی کە ئاماژەمان پێدان و باسمانکردن ودەکەونە ڕوومەت و سەری مرۆڤەوە هیچ دانەیەکیان ( قصاص = تۆڵە سەندنەوە ) بەو مانایەی چیان کردووە بە بریندارەکە بەو شێوەیەی پێ بکەیتەوە واجب ناکات، چونکە نارەحەتە دیاری کردن و ( ضبط ) کردنی بۆیە زانایان وشەرع ناسان باسی ئەوەیان کردووە کە لەبریتیدا خوێنەکەی بدرێت، تەنها برینی ( الموضحة، ئەو برینەی کە دەگات سەر ئێسکی سەر ) نەبێت کە دەتوانرێت بە ئاسانی دیاری بکرێت و نەهێڵرێت زیادە ڕۆیی و زوڵمی تێدا بکرێت تۆڵە لەکەسی دەستدرێژیکار بکرێتەوە، بە پێچەوانەی ئەوانی دیکەوە کە ناتوانرێت بەووردی دیاری بکرێن لەڕووی پانی و درێژی برینەکە، وە وەك خۆیان تۆلەیان بۆ بکرێتەوە، لەبەر ئەوە شەریعەتی ئیسلام هاتووە ئەم گرفتەی بە پێدانی خوێن چارەسەر کردووە، بۆ ئەوەی کێشەکان بنەبڕ بکات، چونکە ئەگەر برینەکان نەتوانران بەووردی دیاری بکرێن و خاوەن هەق داوای تۆڵەی کردووە، وتۆلەیان لە تاوانبارەکە کردەوە بەڵام لە ئاستی خۆی زیاد بوو، دیسان ئەمەی دوایش داوای ئەوە دەکات کە برینەکەی ئەم قوڵتر وزیاترە دەبێت ئەمیش تۆڵەی بۆ بسەنرێتەوە، بەم شێوەیە کێشە وگرفتەکان چارەسەر نابن، بۆیە لە پێناو بنەبڕ کردنی ئیسلام هاتووە بۆ ئەوەی دڵی ستەم لێکراوەکە ڕازی بکات بە شتێك خوێن وەرگرتنەوە بریتی پێدان کۆتایی پێهێناوە .

**بەشی دووەم : - ئەو برین وزامانەی کە دەکەونە تەواوی لاشەی مرۆڤەوە :**

ئەم برینانە بەپێی جۆرەکانیان جیاوازیان هەیە، هەیانە تۆڵەکردنەوە وقیصاصی نیە، بەتایبەت ئەگەر هاتوو لە ڕوومەت و سەردا بوو، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، هەروەها ئەگەر لە تەواوی بەشەکانی تری لاشەش بوو هەر تۆڵە وقیصاصی نیە، جگە لە برینی

( الموضحة ) نەبێت کە بەشێك لە بەشەکانی لاشە دەبڕێت، وەك بڕینی سینگ وگەردن .

**جۆری دووەم : بڕین وقرتاندنی ئەندامێکی لاشە :**

ئەم تاوانەیش دەکرێت بەسێ بەشەوە : -

1-عەمد وئەنقەصد .

2-لێکچووی عەمد وئەنقەصد .

3-بە هەڵە .

ئەگەر هاتوو بڕین ولێکردنەوەی ئەو ئەندامەی لاشە بە هەڵە و لێکچووی عەمد بوو، تۆڵە و قیصاص واجب نیە، بەڵکو تەنها ئەگەر هاتوو بە عەمد وئەنقەصد بوو تۆڵە واجبە، ئەویش بەسێ مەرج : -

1-ئەگەر هاتوو بەبێ زیادەڕۆی ودەستدرێژی توانرا تۆڵە بکرێتەوە، ئەویش بەوەی ئەگەر هاتوو بڕین ولێکردنەوەی ئەو ئەندامەی لاشە لەجومگەیەك بوو، یان سنورێکی هەبوو کە ئەو ئەندامە لەجێگایەکی دیاریکراو کۆتایی پێدەهات، وەك سەرپەنجەکان، ومەچەك، وئانیشك، بۆیە تۆڵەکردنەوە لە برینێك نابێت ئەگەر هاتوو سنورێك نەبوو بۆ کۆتاییەکەی، وەك برینی( الجائفة : بەو برینە دەوترێت دەگاتە ناوسکی مرۆڤ ولەگەڵ ئەوەشدا کە تەماشای دەکەیت دیاری نیە، وەك ئەو برینەی دەگاتە ناو وورگ یان ناو پشت وسنگ وگەروو و میزەڵدان ) چونکە ناتوانرێت بەبێ زیادەڕۆیی تۆڵە لە کەسەکە بکرێتەوە، هەروەها تۆڵەکردنەوە لە شکاندنی ئێسکدا نیە، وەك ئێسکی ڕان وقوڵ ولولاقەکان، جگە ددان نەبێت، چونکە ددان دەتوانرێت تۆڵەی بۆ بکرێتەوە بەبێ زیادەڕۆیی سنوور بەزاندن .

2-هاوشێوە بوون لە نێوان ئەندامی کەسی تاوانبار و کەسی تاوانلێکراو لە ناو وجێگا وشوێنیدا، چونکە ئەندامێکی ڕاست لەبری ئەندامێکی چەپ نابڕێت، وەك ئەوەی کەسێکی تاوانبار خۆی لە بنەمادا دەستی چەپی نەبێت ودەستدرێژی کردبێتە سەر

کەسێك ودەستی ڕاستی قرتاندبێت، لەبەر ئەوەی تاوانبارەکە دەستی چەپی نەماوە ناکرێت دەستی ڕاستی لەبری دەستی چەپی تاوانلێکراوەکە بقرتێنرێت، چونکە هاوشێوە نین لە جێگاکانیاندا، وە تۆڵەی پەنجە بەرانەیەکی قرتاو ناکرێتەوە بە قرتاندنی بۆ نموونە پەنجە توتە، هەروەها تۆڵە ناکرێتەوە بۆ ئەندامێکی زیادەی قرتێنراو بە ئەندامێکی ئەصڵی، چونکە ئەوانیش هاوشێوە نین .

3-یەکسان بوون لە نێوان ئەندامی کەسی تاوانبار و کەسی تاوانلێکراو لە ساغی وسەلامەتیدا، تۆڵەی ئەندامێکی لەکارکەوتووی تووش بوو بە شەلەل ناکرێتەوە لە ئەندامێکی ساغی بێ خەلەل، وە تۆڵەی پەنجەیەکی ناتەواو ناکرێتەوە لە پەنجەیەکی ساغ وسەلیم، هاوشێوەی ئەمانەی کە باسمانکردن زۆرن .

### جۆری سێهەم : لەناوبردنی سوود ومەنفەعەتی ئەندامێکی لاشە :

ئەگەر هاتوو کەسی تاوانبار بوو بە هۆی ئەوەی سوود ومەنفەعەتی ئەندامی کەسی تاوانلێکراو نەمێنێت، ئەوا لەم کاتەدا تۆڵەکردنەوە وقیصاصی نیە، ئەویش لەبەر ئەوەی ناتوانرێت بەبێ زیادەڕۆی ودەستدرێژی وەك خۆی تۆڵەی بۆ بکرێتەوە، جا لەبەر ئەوە لەم کاتەدا دەبێت کەسی تاوانبار خوێنێکی تەواو بدات بەکەسی تاوانلێکراو .

بەڵام ئەگەر هاتوو بوو بەهۆی ئەوەی سوود ومەنفەعەتی ئەو ئەندامەی لاشە کەم بێتەوە، ئەگەر هاتوو توانرا ئەندازەکەی بزانرێت ئەوا بەپێی ئەو ئەندازەیە دەبێت خۆێنەکەی بدات، بۆ نمونە ئەگەر زانرا نیوەی سوود ومەنفەعەتی ئەو ئەندامەی لاشە ڕۆشتوە و نەماوە ئەو کاتە نیو خوێن دەبێت بدات، بەهەمان شێوەی ئەگەر چارەکێکی ڕۆشتبوو، ئەوا چارەکە خوێنێکی لێ دەسەنرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو نەزانرا ئەندازەی ئەو سوود ومەنفەعەتە چەند بووە کە نەماوە، ئەوا لەم کاتەدا ( حکومة ) واجب دەبێت، ئەویش بەوەی قازی ودادوەر خۆی تەقدیری ئەو ئەندازەیە دەکات کە زیان بە

کەسی تاوانلێکراو گەیشتووە و واجبی دەکات لەسەر کەسی تاوانبار کە بیدات بە تاوانلێکراوەکە .

نەهێشتنی عەقڵ وژیری وبیستن وبینین وهەستی بۆنکردن وتامکردن ودەنگ وقسەکردن ونەتوانینی پاروو قوتدان ونەهاتنەوەی ئاوی پیاوەتی ونەمانی هێزی سکپڕبوون بەباوك بوون، وجگە لەوانەیش هەر هەمویان بە لە ناوبردنی سوود ومەنفەعەت هەژمار دەکرێن، کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە .

خوای گەورەش زاناترە ..